# سەندنەوەی سلاویك لە دامێنی مردنا

**ئارام قەرەداغی**

Aram_qaradaghi@hotmail.com



ئاسمانێك لە میهرو

هاژەیەك لە سکون...

باڵێك لە ڕەنگی دایكم و بێدەنگیەك لە سكونی یار

لەچاوی تۆدا متبونیك لە هەناسەی پەپولەی خەولێكەوتو

بەدیار حیكایەتی مردنی بەهارەوە... هەڵئەفرن

دەستەكانت ... بەشیكن لەموعجیزەی خوداو

چاویشت لە گریانی مەلەكوت ئەچێ ...

من و تۆ

بەجێماوترین  دلۆپی ڕوحێكی كەوتو

لەودیو گۆرانیەكی عەندەلیبەوە

كە ئیستا ڕەنگە بۆ قەفەزێكی بچرێت

تۆ.. متبونی ناو سەدایەكی قولّ

كەبەدەنگێك لەوسەری ژیانەوە  ڕام ئەوەشێنی

دەنك دەنك گوێزی تەڕم لێ ئەخەیتە خوار

كە پڕن لە ڕەنگی كەنار دەریا

بانگم ئەكەیت و دەنگی تۆ

تێكەڵەیەكە لە چێژو ترس

وەك هەستی شاعیرێكی نامەلەوان

لە قەراغی ڕوبارێكا

شیرینتری لەهەناسەیەكی تۆراو لەسینە

لەبایەكی وەستاو لەسەر پشتی كیسەڵێكی تینوو

بانگم بكە.. بە دەنگی كوكوختیەكی موعتاد بانگم بكە

وەتەری ئەو دەنگانە چەن پڕهەستن کە بەلای مەخموریدا ئەڕۆن

تۆ لە تێڕامانی کوڕێکی ئەمشارە ئەچیت لە میترۆیەك

هێندە قوڵیت

لە ئاوازێکی دیاری قەراخی ئەچیت

بەدیار گۆرانیەکی داریوشەوە.... هێندە ناسکی

تۆ سەندنەوەی سڵاوێکی لە دامێنی مردنا

تۆ چرکەیەکی لەزەمەن

لەنێوان ونبونی دوچرکەی زەمەنێکی ترا

تۆ..خۆتیت.. پڕیت لەخۆت